# عوده‌ی گۆشتی مرۆڤی ده‌دا به‌ شێره‌كانی

وه‌رگێرانی:كاوه‌ ئه‌مین

له‌گه‌ڵ كوژرانی (عوده‌ی) دا، هه‌روا به‌ره‌ به‌ره‌ په‌رده‌ له‌ سه‌ر تاوانه‌كانی هه‌ڵده‌ماڵدرێت. یه‌كێك له‌ جه‌لاده‌كانی عوده‌ی بۆ ڕۆژنامه‌ی سه‌نده‌ی تایمز ده‌ڵێت: عوده‌ی شێره‌كانی به‌ گۆشتی مرۆڤ تێر ده‌كرد. یه‌كێك له‌ كۆشكه‌ نه‌فره‌تلێكراوه‌كانی سه‌ددام حسێن ده‌كه‌وێته‌ یه‌كێك له‌ ناوچه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی خواروی ناوه‌ندی به‌غدا به‌ناوی "ڕه‌زوانیه‌". ئه‌و شوێنه‌ی كه‌ عوده‌ی نه‌یاره‌كانی خۆی تێدا له‌ سێداره‌ ده‌دا.



## سه‌رۆكی جه‌لاده‌كان له‌ ماوه‌ی چوار ساڵدا

له‌ ماوه‌ی چوار ساڵدا ئه‌بو ئه‌حمه‌دی 36 ساڵه‌ سه‌رۆكی جه‌لاده‌كانی عوده‌ی ده‌بێت. ئێستا كه‌ عوده‌ی كوژراوه‌، ئه‌بو ئه‌حمه‌د غیره‌تی داوه‌ته‌ به‌رخۆی و به‌ ئاشكرا باس له‌ تاوانه‌كانی عوده‌ی ده‌كات.

- ئه‌م دیاردانه‌ قێزیون بوون، به‌ڵام ئێمه‌ ناچار ده‌كراین كه‌ بڕوا به‌خۆمان بهێنین كه‌ كارێكی باشه‌، ده‌نا مه‌ترسی ئه‌وه‌مان ده‌كرد كه‌ هه‌ردوو ده‌ستمان ببڕنه‌وه‌ یانیش بمانكوژن. ئه‌و بۆ خۆی شایه‌تی چه‌ندین ڕوداوه‌.

## به‌ زیندوی فرێده‌درانه‌ ناو قه‌فه‌زه‌كان

چوار ساڵ به‌ر له‌ ئێستا فه‌رمان به‌ ئه‌بو ئه‌حمه‌د ده‌درێت كه‌ بچێت دوو خوێندكاری زانكۆی ئاكادیمی هونه‌ری كه‌ ته‌مه‌نیان 19 ساڵان ده‌بێت ده‌ستگیربكات و بیانهێنێت بۆ كۆشكه‌كه‌ی سه‌ددام. ئه‌بو ئه‌حمه‌د ده‌یانبات بۆ ئه‌و باخچه‌یه‌ی كه‌ دوو دانه‌ له‌ شێره‌كانی عوده‌ی كه‌ له‌ قه‌فه‌زێكی گه‌وره‌دا ده‌بن له‌ باخچه‌كه‌دا چاوه‌ڕوانی ده‌كه‌ن. هه‌ردووكیان فڕێ ده‌ده‌نه‌ ناو قه‌فه‌زه‌كه‌وه‌. هه‌ر به‌ یه‌كه‌م پارو سه‌ری یه‌كێكیان ده‌په‌ڕێنن و كاتێك شێره‌كان ته‌واو ده‌بن ته‌نها ئێسقان و چه‌رمی لاشه‌كانییان كه‌ شێره‌كان حه‌زیان لێنه‌كردبوو، له‌ قه‌فه‌زه‌كه‌دا ده‌مێنێته‌وه‌.

كه‌م جاران عوده‌ی بۆ خۆی له‌ كاتی كوشتنه‌كاندا ئاماده‌ده‌بوو، به‌ڵام كامێره‌مانێك ده‌بوو فیلمی هه‌موو تاوانه‌كه‌ی بۆ بگرێت تا له‌ ڕه‌فه‌كانی ڤیدیۆخانه‌كه‌یدا هه‌ڵیانبگرێت.

## سه‌ربڕینی پیاوێك

ئه‌حمه‌د ئه‌و ڕۆژه‌ی چاك له‌ بیره‌ و له‌وه‌ تێگه‌یشتبوو كه‌ عوده‌ی ده‌یویست بیكات به‌ سه‌رۆكی جه‌لاده‌كانی و ده‌ڵێت: ناچاری كردم كه‌ سه‌ری پیاوێك بپه‌ڕێنم كه‌ هیچم له‌باره‌یه‌وه‌ نه‌ده‌زانی. ئه‌و كاره‌ش ده‌بوو به‌ شمشێر ئه‌نجام بده‌م، له‌و كاته‌دا ته‌نها شتێك كه‌ بیرم لێده‌كرده‌وه‌ ئه‌وه‌بوو كه‌ به‌یه‌ك جار سه‌ری له‌لاشه‌كه‌ی جودابكه‌مه‌وه‌.

- هیچ ڕێگایه‌كی ترم له‌به‌رده‌مدا نه‌بوو. كاتێك مرۆڤ له‌ ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی شمشێردا بێت ئه‌وه‌ هه‌ڵده‌بژێرێت كه‌ گوێڕایه‌ڵی بكات. جارێكیان ته‌نها له‌ یه‌ك پاشنیوه‌ڕۆدا ئه‌بو ئه‌حمه‌د بۆ خۆی له‌گه‌ڵدا ده‌بێت كه‌ 36 كه‌س له‌سێداره‌ ده‌ده‌ن له‌ ناویاندا ژنێكی دووگیانیشی تێدا ده‌بێت.

ئه‌و ده‌ڵێت:له‌خوا ده‌پارامه‌وه‌ كه‌ زه‌وی شه‌قار بكات و هه‌موومان هه‌ڵوشێت، كاتێك ئه‌و منداڵه‌مان كوشت كه‌ هێشێتا له‌دایك نه‌بوو بوو.

هه‌روه‌ها ئه‌بو ئه‌حمه‌د له‌گه‌ڵدا بووه‌ كاتێك كه‌ مرۆڤیان به‌ چیچكانه‌وه‌ دانیشاندووه‌ و به‌ شمشێر كردویانه‌ به‌ دوو له‌ته‌وه‌. هه‌میشه‌ عوده‌ی كوژراوه‌كانی ده‌نارده‌وه‌ بۆ خاوه‌نه‌كانیان، سه‌ری ئه‌و كوژراوانه‌ی به‌ جیا ده‌كرده‌ توره‌كه‌یه‌كه‌وه‌ كاتێك ده‌ینارنده‌وه‌.

**ئیمڕۆ ئەبو ئەحمەد لەگەڵ چوار منداڵەکەیدا لە بەغدا خۆیان شاردۆتەوە و چەکی قورسی پێیە، لەوە دەترسێت کە ئەمریکیەکان بیگرن.**

**سەرچاوە: ئافتونبلادت** 7/27.



Foto: AP

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.